# ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بۆ پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی

بەڕێزان، ئەندامانی سەرکردایەتی ، بەڕێزان ئەندامانی پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ سلاو و پیرۆزبایی بە بۆنەی ساڵی نوێی ١٣٨٨ کۆچی خۆری.

بەخۆشیەوە توانیمان پلێنۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، هەڵبژێردراوی کونگرەی سێهەم لەم هەل ومەرجەدا ببەستین.

بەڕێزان لە دوای پلێنۆمی پێنجەم ئاڵ وگۆڕی بەرچاوی سیاسی لە جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست روویداوە. کە بەکورتی ئاماژەیان پێ دەکەم.

### چاوخشانێکی کورت بە چەند ڕوداوی گرینگی سیاسی جیهان

دیارترین ڕوداوی سیاسی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە جیهاندا، هەڵبژاردنی باراک ئوباما بەسەرۆکایەتی ئەمریکایە . سەرۆک کۆماری نوێی ئەمریکا بە دروشمی ئاڵوگۆر لە سیاسەتی دەرەوەیی و ناخۆیی دا سەرکەوتنی بەسەر جان مەک کەین پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان بەدەست هێنا.

لە چەند مانگی سەرەتای دەسەڵاتی نوێی ئەمریکا بەروونی دەرکەوتوە کە باراک ئوباما گەرەکیەتی لە سیاسەتی ئەمریکادا ئاڵوگۆڕ وەدی بێنێ، بە تایبەت گۆران لە سیاسەتی خارجی دەوڵەتی ئەمریکا بەباشی بەرچاودەکەوێ. ئەو سیاسەتەی کە ئەمریکا لەراست ئێران گرتوویەتی پێش جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە. سەرۆکی ئەمریکا بەبۆنەی نەورۆز پەیامێکی نارد بۆ دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی و لەگەڵ پیرۆزبایی کردن هیوای دەربڕی پێوەندییەکانیان لەگەڵ رژیم ئاسایی ببێتەوە. هەر بە پەلە خامنەیی ڕێبەری رژیم وەڵامی دایەوەو رایگەیاند جیاوازی لە قسەکانی بارک ئوباما لەگەڵ سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا بەدی ناکرێ، هەر لەو پێوەندیەدا رۆژنامەو هەوالدەرییەکانی رژیم هەرکام بە شێوەیێك بەرپەرچی قسەکانی باراك ئوبامایان دایەوە. هەڵوێستی دەوڵەتی نوێی ئەمریکا، پاشەکشەیێکی گەورە و بەرچاوە لە بەرانبەر سیاسەتە پاوانخوازیەکانی رژیمی ئاخوندیدا، ئەو ئاڵوگۆرە چاوەروانکراوە لە سیاسەتی دەوڵەتی نوێی ئەمریکا، بۆتە هۆی ئەوەی رژیمی ئاخوندی روو هەڵماڵاوانەتر درێژە بە سیاسەتی پاوان خوازی بدات.

هەر بەدوای ئاڵ و گۆر لە دەوڵەتی ئەمریکا وهەروەها سیاسەتی خارجی ئەوولاتە، رژیمی ئێران زیاتر لەجاران ئیدیعای گەورە دەسەڵاتیی جیهان وناوچەیی دەکاو هەوڵ دەدا هاوکاری کردنی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی دژایەتی ئەمریکا دەکەن پەرەپێ بدا، بەومەبەستەش لەگەڵ وولاتانی ئەمریکای باشوور(جنوبی) کەدژایەتی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکەن پێوەندی بازرگانی وسیاسی توندوتۆڵ ئەنجام دەدا و هەروەها لەگەڵ کورەی باکوور، لە دروست کردنی مووشەکی دوورهاوێژ و گەڵاڵە سەربازیەکان بەگەرمی کاردەکا.

سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە پێوەند بە رژیمە سەرەرۆکان دەبێتە هۆی ئەوە ئەمریکا ئەوجێگەو پێگەیەی کە لە جیهاندا وەك خاوەن هێزو دەسەڵاتی یەکەم هەیبوو، لەدەست بدات . کە هەر لەئێستاوە دەرکەوتوە کە ئەمریکا ناتوانێ بەوسیاسەتەی ئێستا هەیەتی وەك ڕابردوو لە کێشە جیهانیەکاندا قسەی یەکەم بکا. سیاسەتی ئێستای ئەمریکا تەنانەت دەبێتە هۆی پەرەگرتنی ترۆریسم والقاعیدە و تالیبان لە ئەفغانستان ولە وولاتانی دیکە. ئێستا زۆر وەڵات ئیدیعای گەورە هێزی جیهان دەکەن. دیارە دەوڵەتی نوێی ئەمریکا مەبەستیەتی کێشە جیهانیەکان بەتایبەت کێشەی ناوکەیی رژیم بە هاوکاری وولاتانی جیهان چارەسەر بکا. بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئایا هەڕەشەی ئەتومی رژیم بەو رادەیەی کە مەترسی بۆ سەر ئەمریکا و ئیسرائیل هەیە بو وەڵاتانی دیکەی هەیە؟ ڕەنگە دەوڵەتی ئەمریکا نەتوانی کۆدەنگی وهاوکاری جیدی بۆ رووبەرووبوونەوەی گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیم وەدەست بێنێ.

ئەوکات باراك ئوباما و دەوڵەتەکەی چ بەرنامەیێك دادەرێژن بۆ کێشە جیهانیەکان وکێشەی ناوکەیی رژیم کاتێك ئەو جێگەی وشوێنەی ئەمریکا لە سیاسەتی جیهاندا بوویەتی لە دەستی بدا.

ئاشکرایە بۆ کۆتایی هێنان بەو ئاڵۆزی وتەنگژە ئابووریە سەختەی کە باڵی بە سەرئەمریکاو ئوروپا وجیهاندا کێشاوە، هاوکاری هەمەلایەنە و جیهانی پێویستە وئەمریکا و ئوروپا ناتوانن بە بێ هاوکاری وولاتانی دیکە بە سەر ئەو تەنگژەدا زاڵ بن، بەڵام ئەو هاوکاریی گشتی وهەمەلایەنە بۆ رووبە رووبوونەوەی رژیمی ئێران و دەوڵەتانی سەرەڕۆ هیچ کات وەدی نایێ، هەر بۆیە مەترسی پەرەسەندنی ترۆریزم وپاوانخوازی حکومەتە سەرەڕۆکان لە پێشیانەوە رژیمی ئاخوندی، زیاتر دەبی.

وەك بەڵگەی زیندوو بۆ ئەو راستیە هەڵدانی مووشەکی دوورهاوێژ بوو لە لایەن کورەی باکوورەوە، سەرەرای داوای جیهانی لەدەوڵەتی کۆمۆنیستی کورە بۆ هەڵنەدانی مووشەك. کورەی باکور مووشەکی هەڵداو تەنانەت چەند پارچەی لە ئاوەکانی سنووری ژاپۆن کەوتنە خوار. ئەو کردەوەی کورەی باکور، ژاپون و کورەی باشوور و ئەمریکای نیگەران کرد. هەرچەند ژاپۆن هەڕشەی کرد کە ئەگەر مووشەك بە ئاسمانیدا تێ پەری دەیخاتە خوار، بەوجۆرەش کورەی باکور بە ئاگاداربوون لە پاشەکشەو گۆران لە سیاسەتی ئەمریکا گوێی نەدایە هەرەشەکان و بەرنامە وسیاسەتەکانی درێژە پێ دا و تەنانەت لە بەرانبەر هەرەشەو پروپاگەندەی راگەیاندنی وولاتانی دراوسی و ئەمریکا، کاردانەوەی توند لە خۆی نیشان دەدا.

کێشەیێکی دیکە کە ئەمریکا و سەرجەم وەڵاتانی جیهانی گرتوەتەوە، بوونە قەیرانی ئابووریە. بەدوای ئەوەی ئابووری ئەمریکا تووشی هەڵاوسان بوو و دەیان شیرکەت و کارخانەی پیشەسازی و ئەووولاتە داخران و چەندین بانکی ئەو وەڵات تێ شکانی خۆیان راگەیاند و نرخی بێکاری بەرەو سەرچووە و ملیۆنها کەس بیکار بوون. زۆری پێ نەچوو ئەو وەزعە نالەبارە ئابووریە رووی کردە وولاتانی ئورووپایی و جیهان بەتێکرا. کێشەی ئابووری کە لە٧٠ ساڵی ڕابردوودا کەم وێنە بووە و زیانەکانی لە زیانی جەنگی جیهانی دووهەم زیاترە، بۆتە کێشەی سەرەکی دەوڵەتانی جیهان. هەر لەو پێوەندییەدا، سەرۆکی ٢٠ وەڵاتی دەوڵەمەندی جیهان لەپراك پێتەختی وەڵاتی (چێك) کۆبوونەوە بۆ ئەوەی بەرنامە و گەڵاڵەیێکی هاوبەش بە مەبەستی زاڵ بوون بەسەر ئەو وەزعە نالەبارەدا کە مەترسی گەورەیە بۆسەر جیهان چارەسەر بکەن. ئەگەرچی وولاتانی ناسراو بە "G٢٠" چەند گەڵاڵەی هاوبەشیان پەسەند کردو بریاریان دا یارمەتی زیاتر بە بانکی نێودەوڵەتی پوول بدەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژەیە، بەڵام وەك شارەزایانی باری ئابووری مەزەندەیان کردووە بەدوور دەزانرێ ئەو وەزعە بەزوویی چارەسەر بکرێ.

### هەل و مەرجی ناوچەکە:

گرینگترین کێشەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەراست گەیاندنە ئەنجامی پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینە. یەدوای وەدەست هێنانی زۆرینەی کورسیەکانی پارلمانی ئیسرائیل لەلایەن حیزبە نەتەوەیی و توندرۆکان و متمانە پێدانی کنیسێت بەدەوڵەتی راستی نەتانیاهۆ کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچێ. بەرنامەی دەوڵەتی نوێی ئیسرائیل پەرەپێدانی زیاتری شارە جوولەکە نشینەکان و رەدکردنەوەی رێکەوتننامەی ئاناپۆلیس و هەروەها رێگەنەدان بە گەرانەوەی فەلەستینیە ئاوارەکانە. لەبەرانبەردا هەردوو لایەنی فەلەستینی فەتح و حەماس کێشە و ناکۆکی قووڵیان هەیە و لەگەڵ ئەوەی دەوڵەتی میسر ماوەیێکە هەوڵ دەدا، ئاشتی لەنێوان ئەو دوو لایەنە دا دروست بکا ، بەڵام بە هۆی دەستێوەردان و هاندانی حەماس لەلایەن رژیمی ئاخوندیەوە، ئەو هەوڵە ئاشتیانە سەری نەگرتوە. هەربۆیە ناکرێ بەم زووانە چاوەروانی ئاشتی و سازان لەنێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا بین.

دەور و پێگەی تورکیە وەك وەڵاتێکی خاوەن ژئوئیستراتژی و ژئۆپۆلیکی باڵا لەناوچەکە دا هەتا دێ بەرەوسەر دەچێ و ئەو وەڵاتە گەشەی بەرچاوی ئابووریی کردووە. تورکیە لاپەرێکی نوێی لەپێوەندییە سیاسیەکانی خۆی لەگەڵ وەڵاتی دراوسێی بەتایبەت عێراق خستۆتە بەردەم. بەرپرسانی تورکیە چەندین سەردان و دیداریان لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کردوە کە ئەو سەردان و چاوپێکەوتنانە هەولێکن بۆ پتەوکردن و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییە دووقۆڵیەکان. هەرلەو ماوەیەشدا باراك ئۆباما لەسەردانێك دا گەیشتە ئانکارا و لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی تورکیە کۆبووەوە و پشتیوانی لە بوون بە ئەندامی تورکیە لە یەکیەتی ئوروپا دەربڕی. سەردانی ئۆباما وەبیرهێنانەوەی دۆستایەتی و گرینگی تورکیە بۆ ئەمریکا بوو. جێگەی ئیشارەیە سیاسەتی تورکیە لەراست کوردی کوردستانی تورکیە هێندێك ئاڵوگۆری هەرچەند بچووك بەڵام موسبەتی بەسەر داهاتووە کە ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ خەباتی بەرینی گەلی کورد و هێزە شۆرشگێرەکان و هەروەها هەڵسورانی pkk. دەست بەکار بوونی کەناڵی "TRT 6" کە بەزمانی کوردی بڵاودەبێتەوە دەچێتە خانەی ئەو ئاڵوگۆرانە. لەهەمانکاتێشدا شاهیدی یەکدەنگی و یەکێتی زیاتری کوردەکانی کوردستانی تورکیەین. سەرکەوتنی پارتی کومەڵگەی دیموکراتی DTP لە هەڵبژاردنەکانی شارەداریەکان لە شارەکانی کوردستانی تورکیە دەرخەری ئەو راستیەیە و بە خۆشیەوە ٩٨ شارداری کوردستانی تورکیەیان وەدەست هێنا کە لەنەوعی خۆی دا سەرکەوتنێکی کەم وێنە بوو.

بە بۆنەی سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستانی تورکیە وسەرکەوتنی DTP گەرم ترین پیرۆزبایی پێش کەش بەگەلی کورد و پارتی دیموکراتی گەل DTP دەکەم.

### رژیمی ئاخۆندی و سیاسەتی دەست تێوەردان لە وولاتانی ناوچەکە وپەرەپێ دانی گەڵاڵە ناوکەییەکانی!

دەسەڵاتی ئاخوندی لەگەڵ ئەو سەرکووتە بەرینەی لە بەرانبەر خەڵکی ئێران بەرێوەی دەبا، بە شێوەییکی بەرین لە کار وباری وولاتانی جیهان بەتایبەت وولاتانی موسڵمان و وولاتانی ناوچەکە دەخاڵەت دەکا کەباس کردن لەو بابەتە زۆری دەوێ . دیارە دیارترین وولات لە ناوچەکە دا عێراقە کە دەسەڵاتی ئاخۆندی زۆرجار وەك وولاتێك کە لە ژێر فەرمانییان دابێ دەخالەتی تێدا دەکا. لەچاوچیوەی ئەوەدەخالەتە بەردەوامانەدا کە بەشێکی زۆری دەگەرێتەوە بۆ نەبوونی هەڵوێستی جیددی حکومەتی عێراق، کاربەدەستانی رژیم خەت ونیشان دەکێشن و پێ دادەگرن کە دەستێوردانەکانیان جێ بەجێ بکرێ. نمونەیێکی بچوك لەو دەستێوەردانانە ئەوەیە کە رژیمی ئاخوندی فشارێکی بەردەوام و نارەوای بۆ سەر دانیشتوانی شاری ئەشرەف وئەندامانی سازمانی موجاهیدین خەلقی ئێران هێناوەو هەرەشەیان لێ دەکا. بێ گومان ئەگەر وولاتانی ناچەکە بەگشتی و وولاتانی عەرەب بەتایبەت بریارێکی جیددی بۆ رێگەگرتن لە دەستێوەردانەکانی رژیمی ئاخوندی نەدەن، بەزوویی دەستێوەردانی زیاتری رژیم دەبینن لە کاروباری وەڵاتەکانیاندا. هەموو دەوڵەتانی عەرەب دەزانن کە هەر ئاژاوەیێك لەوولاتەکەیان روویدا دەستی رژیمی ئێرانی تێدایە. لە پێوەند بە کێشەی گەڵاڵە ناوکەییەکانی رژیم ، لە چەند رۆژی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی بەشێوەیێکی بەربلاو گەڵاڵە ناوکەیی ودامەزراندی، دەستگا سانتریفوژەکانیان پەرەپێ داوە. رۆژی پێج شەممە ٢٠ی خاکەلیوەی ١٣٨٨ رژیم بە بۆنەی رۆژی بەناو پیشەسازی ناوکەیی نەتەویی ٧٠٠٠ هەزار دەستگای سانتریفوژی دیکەی لە ناوەندی ناوکەیی نەتەنز وەکار خست . سووربوونی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئاخوندی لە پەرە پێ دانی گەڵاڵە ناوکەییەکان لە دوای داوای ووت وویژی دەسەڵاتی نوێی ئەمریکا لەگەڵ رژیم، دێ. ئەوە ئاشکرایە رژیمی ئاخوندی هیچ کات زمانی مەنتق و ووتوویژی قەبوڵ نەبوە وبێ گومان لەداهاتووشدا ئامادە نابێ هەنگاوێك لە سیاسەتە چەك سازی و پاوانخوازیەکانی بێتە دواوە. ئەمریکا و وولاتانی رۆژئاوا ئەگەر پێ یان وابێ رژیمی ئاخوندی بە ریگەی ووت وویژو دانوستان، دەست لە گەڵاڵە ناوکەییە مەترسیدارەکانی هەڵدەگرێ کات بە فیرودەدەن.

### کورتەییێک لە هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی وسیاسی لە ئێران:

هەل ومەرجی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە ئێران بەبوونی دەسەڵاتداری ئاخوندەکان بەرەو خراپ بوون و مەترسیدارتر بوون چووە و جەماوەری ئێران لە ژێر قورسترین شێوەکانی سەرکوت و چەوساندنەوەدان. ئاخونده دەسەڵاتدارەکان بە کەڵك وەرگرتن لەو هەل ومەرجەی کە لە دوای هەڵبژاردنی باراك ئۆباما بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، کە خوازیاری ریفورم و ئال وگۆر لە سیاسەتی خارجی ئەمریکا دایە، ستەم وبێعەدالەتیان لە ئێراندا زیاتر پەرە پێ داوەو فشاری بەر بلاویان خستۆتە سەر کەسایەتیە سیاسی و رۆشنبیریەکان و رۆژنامەو سایتە ئینترنیتیەکان.

لە ساڵی ڕابردوودا ٣٤٨ کەس بە تاوانی جیاجیا لە ئێران ئیعدام کراون ولەهەمانکاتدا ١٣٠ کەس مەحکووم بە ئیعدام کراون و چاوەرێ دەکرێ حوکمەکەیان بەرێوەبچێ. بە پێ ی ئامارەکان ئیعدام لە ئێران بەرەو سەر چووە وناوەندەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ رەخنەیان لە ئیعدامی بەربلاولە ئێراندا گرتوە.

کانوونی نووسەرانی ئێران لە راگەیندراوێکدا کە لەسەرەتای ساڵی ١٣٨٨ بڵاوی کردەوە، نووسی: ئێعدام ، بەردەباران، بەشێوەی بەربلاو درێژەی هەیە. هەر لەو راگەێندراوەدا باس لە تێکدانی گۆرستانی خاوەران لە لایەن رژیمەوە دەکا کە مەبەستی رژیم نەهیشتنی شوێنەواری کۆمەڵکوژی و جینایەتەکانی لە بەرانبەر ئازادیخوازانە. سیاسەتی سەرکوت و توقاندن لە ئێراندا هەموو سنورێکی بەزاندوە . هەرەشە لە لاوان و ئازادیخوازان و نووسەران و سایتە ئینترنێتیەکان بەرەو سەرچووە. هەر لەساڵی ٨٧ زیاتر لە ٥ میلیۆن سایتی ئینتەرنێتی فیلتێر کراوە و بە دەیان رۆژنامە و بلاوکراوە داخراون کە بەداخەوە بەشیکی بەر چاو لە چالاکانی کۆمەڵایەتی و ئازادیخوازان زیندانی کراوون و فشار خراوەتە سەر کەس وکاریان.

سەرکوت وهەرەشەی لە رادەبەدەری دەسەڵاتداری ئاخوندی و نەبوونی یەکێتی و تەبایی لە ناو هێزەکانی ئوپوزیسیون وکەم بوونەوەی فشاری جیهانی بۆ سەر دەسەڵاتداری ئاخوندەکان پشتی دەسەڵاتدارانی گەرم کردوە بۆ پەرەپێ دانی سەرکوتی ئازادیخوازان و خەڵك. لەبەرانبەر ستەمی بەربلاوی رژیم، بەخۆشیەوە لەساڵی رابردوودا زیاتر لە ٦٤٨٠ نارەزایەتی و مانگرتن لەلایەن چین و توێژەکان هەر لە مامۆستایان، خوێندکاران، ژنان، کرێکاران و بازاریان و هتد..لەسەرانسەری ئێران بەرێوەچووە کە ئەو ئامارە لەچاو ساڵی پێشووتر بەرەوسەر چووە.

لە هەل ومەرجێکدا کە رژیمی ئاخوندی سەرکوت و چەوساندنەوەی لە بەرانبەر جەماوەرو ئازادیخوازان لە سنوور تێ پەراندوە، دەبوایە یەکێتی و تەبایی لە نێوان لایەن و هیزە ئوپوزیسیونەکان پێك بهاتایە کە بە داخەوە نەك تەبایی و هاوکاریی بەر چاو ناکەوێ، بەڵکو بە پێچەوانەی ویستی خەڵك پرشو وبلاوی ولیکترازانەکان لە ریزی لایەنەسیاسەکان بەرەو سەر دەچن .

لە کوردستانی ئێرانیشدا، وەزع لە وەی کە لە سەرانسەری ئێراندا هەیە خراپترە، هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم فشاریان بۆ خەڵك و ئازادیخوازان وکەس وکاری شەهیدان و پیشمەرگەکانی کوردستان زیاتر کردوە.

بۆ پێ مل بوونی خەڵك بە داواکانی دەسەڵاتدارانی رژیم هێزە سەرکوتگەرەکان و ناوەندە ئەمنیەتیەکانی دەستیان داوەتە هەرەشەو توقاندن. بەهۆی ئەو سیاسەتە شوومانەی رژیم لەکوردستاندا، کێشە کۆمەڵایەتیەکان پەرەی سەندووە و تەڵاق و جیابوونەوە و خۆکوشتن و مادە هۆشبەرەکان زۆر زیاتر لەجاران پەرەی گرتووە و هەر رۆژە مەوادێکی زیانبارتر رەوانەی کوردستان دەکرێ. سەرچاوەی ئەو کێشانەش گرینگی نەدانی لێپرسراوانی رژیمی ئاخوندی بە لایەنی ئابووری و بژیوی خەڵکی کوردستان و نەبوونی عەدالەت لەدابەشکردنی داهاتی وەڵات و راگرتنی بەشی ئابووری و نەبوونی ناوەندی بەرهەم هێنان و پیشەیی لەکوردستانە. تەنانەت دەسەڵاتدارانی رژیم رێگە دەگرن لە هەڵسوران وکارو کاسپی لە سنورەکان کە سەر چاوەی سەرەکی بژیوی سەدان هەزار کەس لە خەڵکی بێ کاری کوردستانە. لە چوارچێوەی سەرکوت وهەرشەی رژیم وبریاری ناوەندە سەرکوتگەرەکانی، سەدان خێزان لە کوردستان بێ کار بوون و هەژاری وبێکاری لە رادە بەدەر باڵی بە سەر کوردستان بە تایبەت شارە مەرزیەکاندا کێشاوە.

سەرەرای سەرکووت و هەرەشەی بێ بەزییانە ئەوەی جێگەی خۆشیە موقاوەمەت و خۆراگری خەڵکی کوردستانە لە بەرانبەر پیلانەکانی دەسەڵاتداران دا. بە گژداهاتنەوەی رژیم و هێزە سەر کوتگەرەکانی لە کوردستان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بەر چاو دەکەوێ، نمونەی هەرە دیار لەو رووبە رووبونەوانە نارەزایەتی دەربرینی خەڵکی شاری مەریوان بوو لە مانگی رەشەمەدا. ئەومانگرتنانە تەنگی بە رژیم و کاربە دەستانی هەڵچنی بوو، هەروەها بەشداری خەڵك لە چوارشەمە سووری و جیژنی نەورۆز، جیگەی بایەخە. هەرچەند بەشداری خەڵك لەنەورۆز و چوارشەممە سووری بەهۆی فشارەکانی رژیم و وەزعی نالە باری ژیان وکیشەی ئابووری، وەك ساڵانی رابردوو نەبوو.

ئەگەر جەماوەری کوردستان بەگشتی و لاوانی کوردستان بەتایبەتی لە بەرانبەر دەسەڵاتدا خۆراگری دەکەن و زیندانیانی سیاسی چۆك بۆ جەلادەکان دانادەن، لە بەرانبەردا شاهیدی ئەو هەل ومەرجە نالەبارەین کە باڵی کێشاوە بە سەر جولانەوەی گەلی کورد ولایەنەسیاسیەکاندا. وەك ئاشکرایە لە دووساڵی ڕابردوودا لە ریزی حیزب ولایەنە سیاسیەکان جیابوونەوەو ناکۆکی دەستی پێ کردوەو تائیستاش ئەو جیابوونەوانە درێژەیان هەیە کە بێ گومان زیانی گەورەی گەیاندوە بە جولانەوەی گەلی کورد و بە قازانجی رژیمی ئاخوندی وسیاسەتە دژی ئینسانیەکانی تەواوبووە.

بە لیکترازان لە ریزی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هیواییێکی دیکەی جەماوەر کە پێك هاتنی بەرەی کوردستانی کە تێکرای سازمان و حیزبە سیاسیەکان لە دەوری کۆبنەوە لە هەر کاتێکی دیکە حەستەمترە. سازمانی خەبات بە بەردەوامی زیانە زۆرەکانی ئەو جیابوونەوە ولیکترازانانەی لە ریزی حیزب ولایەنەسیاسیەکان راگەیاندوە و داوای کردوە ناکوکییەکان وەلانرێن و لایەنە جیابووە هاوباوەرەکان دەست بدەنە دەستی یەك بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد.

سازمانی خەبات بە بەردەوامی داوای ئەو دەکا کە تێکرای هێزو لایەنەکان لە بەرەییێکی کوردستانی کە سیاسەت و هەڵوێستەکانی لە قازانجی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد و هەروەها بە مەبەستی دژایەتی و روخانی رژیمی دیکتاتوری ئاخوندی و بەرپەرچ دانەوەی هەر نەوعە و ووتوویژ و دانوستانێك لەگەڵ رژیم بێ، پێك بێ.

### سازمانی خەبات چالاکی و هەڵسورانی لە دوای پلنومی پێنجەم:

ئاشکرایە کە چەندین بەربەست و کوسپ هەبوون لەبەردەم ئورگانەکانی سازمانی خەبات، هەر بۆیە ئورگانەکانی سازمان نەیان توانیوە بریارو راسپادەکانی سازمان چۆنی مەبەست بووە جێ بەجێ بکەن و بەرەوپێش بەرن. دیارە ئورگانەکانی سازمان بەپێ تواناو ئەو ئیمکاناتەی لە بەر دەستیاندایە هەنگاویان هەڵگرتوە وکاریان کردوە. لە چوارچیوەی کاری پێوەندی گرتندا ئورگانەکانی پیوەندی و کومیتەکانی سازمان لە ئوروپا و لە دەرەوەی کوردستان کاریان کردوە. شاراوە نییە کە لە مەیدانی کاری تەبلیغیدا ئال وگۆری دیارو دڵخۆشکەر بەرچاو ناکەوێ، بەڵام سەرەرای تەواوی کەم و کوورییەکان دووبارە دەبێ هەوڵ بدرێ بەشی تەبلیغات لە سازمان بەرەو پێش بچێ و کاری بەر چاو و پۆزەتیڤی لێ ببیندرێ. بەوهیوایەی سازمان بتوانێ لە داهاتوودا، تلویزیونی جیهانی دامەزرێنی و بەشی راگەیاندن پەرە پێ بدا.

لە ئەندامانی سەرکردایەتی وکادرکانی سازمان و ئورگانە جیاجیاکان، داواکارم بە هەوڵ وماندوو بوونی زیاتر بۆ بەرەو پێش بردنی سازمانی خەبات تێ بکوشن. ئاشکرایە سازمانە خۆشەویستەکەمان لایەنێکی سیاسی دیار لەکوردستانەو خاوەن پرنسیپە و سیاسەتی روونە وهیچ کات قازانجەکانی گەلی کوردی فیدای قازانجەکانی خۆی نەکردوە.

جێگەی خۆیەتی تێکرای کادر وئەندامان و دۆستانی سازمان بەباشی لە خاوەن جێگەیی و خۆراگری ٢٩ ساڵ هەڵسورانی سازمان تێ بگەن وبە دەرس وەرگرتن لە کار و چالاکی رێبەرایەتی و پێشمەرگەکانی سازمان لە ساڵانی رابردوودا، هەوڵ بدرێ بە بەرنامە و کاری سەردەمیانە وبەتوانای زیاتر بێنە مەیدان وچالاك بن.

لە کۆتاییدا سپاستان دەکەم و هیوادارم پلێنۆمی شەشەم راسپاردە و بریاری گرینگ و بە جێ پەسەند بکا و کادر و پێشمەرگەکان و ئەویندارانی ڕێبازی پیرۆزی سازمانی خەبات سەرکەوتوو بن.

بابەشیخ حوسێنی

٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٨ی کۆچی خۆری